وەزارەتی دارایی هەرێم لەبەینی خانەنشی دیارکرد

ئەمە دووشەمە، وەزارەتی دارایی و ئابوری هەرێمی کوردستان لەبەینی خانەنشی دیارکرد و چەسپاندنی لەبەینی خانەنشینی (التوقيفات التقاعدية) بە ڕێژەی (10%) لە سەر فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان جێبەجێ دەکرێت. بەجۆرێك ئەگەر فەرمانبەرێک موچەی بنەڕەتییەکەی 509 هەزار دینار بێت، ئەوا لەبەینەکەی دەکاتە 15 هەزار و 270 دینار.

لە گشتاندنەکی وەزارەتی دارایی و ئابوری هەرێم، بە ژمارە 4753 کە ئەمە دەچێ و واژەی ئاوات شێخ حەنابی وەزیری لەسەر و تەیدا هاتوە، پاڵپشت بە یاسای خانەنشینی یەکگرتو ژمارە (9)ی ساڵی (2014) و دوای بەکاربونی یاسای خانەنشینی یەکگرتو و جێبەجێکردنی بە پێی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبەینی خانەنشینی ئەنجامبدرێت.

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکە، چەسپاندنی لەبەینی خانەنشینی (التوقيفات التقاعدية) بە ڕێژەی (10%) لە سەر فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان دەبێت و بە لەبەینی ئەو ڕێژەیەی کە دەکەوێتە ئەستۆی فەرمانبەران و ئەو خانەنشینانەی کە یاسای ئاماژەپێکراوی سەرەوە دەیانگرێتەوە.

لەبەینەکە بەم شێوەیە دەبێت:

1- لەبەینی ڕێژەی (2%) لە موچەی فەرمانبەران لە ڕێکەوتی (2014/1/1) تاکو (2024/6/30).

2- لەبەینی ڕێژەی (2%) لە موچەی فەرمانبەریتی خانەنشینان، ئەوانەی لە ئیستادا خانەنشینن و یاسای ئاماژەپێکراوی سەرەوە دەیانگریتەوە لە ڕێکەوتی (2014/1/1) تا ڕێکەوتی دەست لە کار هەڵگرتن و هەواڵە کردنیان بە خانەنشینی.

3- بەی پارەی کەمکەبوی سەر فەرمانبەران و خانەنشینان وەکو قەرز تەمار دەکرێت لە ئیستەی فەرمانبەران و خانەنشینان.

4- قەرزی ئاماژەپێکراو لە خاڵی (سێیەم) لە ماوەی سێ ساڵ بە فەرمانبەران و ماوەی (5) ساڵ بە خانەنشینان پاکتاو بکرێت.

5- ئەم لەبەینە لە ڕێکەوتی (2025/6/1) دەستپێدەکات تاکو قەرزەکە پاکتاو دەکرێت.

لە گشتاندنەکەی وەزارەتی دارایيدا ئەوەش ڕونکراوەتەوە، ئەگەر فەرمانبەرێک لە ساڵی 2014 موچەی بنەڕەتییەکەی 509 هەزار دینار بێت ئەوا لەبەینەکە بەم شێوەیە دەبێت 509,000 زیادبی 2%، بری لەبەینەکە دەکاتە 15 هەزار و 270 دینار، هەمان فەرمانبەر لە ساڵی 2015 موچە بنەڕەتییەکەی بووبێتە 519 هەزار دینار ئەوا لەبەینەکە بەم شێوەیە دەبێت 519,000 زیادبی 2% بری لەبەینەکە دەکاتە (15 هەزار و 570 هەزار دینار بە ساڵەکانی تریش بە هەمان شێوە بە سەرجەم فەرمانبەران ئەم لەبەینە بکرێت.

ئەوەشهاتوە، بە فەرمانبەران سەرجەم لەبەینەکان کە دەکرێتەوە دابەشی (36) مانگ دەکرێت ئەوا ئەو بەشی دەردەچێت مانگانە لە موچەی فەرمانبەران دەبەدرێت تا قەرزەکە پاکتاو دەکرێت بە خانەنشینان لەبەینەکان کەدەکرێتەوە و دابەشی (60) مانگ دەکرێت ئەوا ئەو بەشی دەردەچێت مانگانە لە مووچەی خانەنشینان دەبەدرێت تا قەرزەکە پاکتاو دەکرێت.